# دڵسۆز حەمە / بەس خۆشەویستیی تیا نییە

ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەگوزەرێت پێناچێت بە هیچ پێودانگێکی تیۆری و میتۆدێکی زانستی کۆمەڵایەتی خوێندنەوەی بۆ بکرێت، سەرلەبەری کایەکانی ژیانی گشتی و تایبەتیمان ئالودەی قەیران و گرفتی قوڵ و ریشەیی بوون، دیواری نێوان جوان و ناشرین، راستگۆو دووڕوو، دز ودەستپاك، نیشتمانپەروەر و نیشتمانفرۆش، گەندەڵ و سەرڕاست، ئۆپزسیۆنەکان و دەسەڵاتدارەکان هێندە تەنك بۆتەوە کە جیاکردنەوە و پۆلێنکردنیان ئەستەمە، هەمیشە لە فەوزا و تێکەڵبونی لەوجۆرەدا ئەوەی دەبێتە قوربانی جوانی و عەدالەت و راستی و هەقیانەتە ، ئەو دەستەواژانەی کە لە دۆخێکی وەکو ئێستادا ئاماژەیە بۆ گەوجی و خەیاڵپڵاوی ئەوەی باسی ئەو شتانە دەکات، ئەگەر جیهان لەم ساتەوەختەدا ئالودەی توندوتیژی و پاشەکشەیەکی بەرچاوی زۆرێك لە بەها سیاسی و مرۆڤایەتی و تەنانەت هونەری و کەلتوریەکانیش بێت ئەوا بۆ کۆمەڵگایەکی وەکو ئەوەی ئێمە کە لە پەڕاوێزی کۆمەڵگە گەشەکردوەکانداین ئەو پاشەکشەو و قەیرانە گشتیانە کاریگەری زیاتر بەجێدەهێڵێت و قورستر لەسەر ژیانی گشتیمان رادەوەستێت.

ئەگەر دەسەڵات و چینی سیاسی لەم وڵاتە لە گەندەڵیەوە ئاڵاون ئەوا ئەم ڤایرۆسە وەها بۆتە پەتایەکی کوشندە وشۆڕبۆتەوە بۆ ناو بچوکترین وسادەترین وپەڕاوێزترین ئەندامی ئەو کۆمەڵگایە ،گەندەڵی بۆتە بەشێك لە ئەخلاقی گشتی کە بەقەدەر جگەرەکێشان بەلامانەوە خراپ بێت نەك کێشەیەك پەیوەندی بە ئەخلاق و بەهای ئینسانی و مانای نیشتمانپەروەری و پەروەردەو پاشەڕۆژی کۆمەڵگایەکەوە هەبێت ، نەك کارەساتێك کە کۆمەڵگایەك خاڵی دەکاتەوە لە هەمو جوانیەك ،لە هەمو هێزێکی ناوکۆیی وپێکەوەبەستن و سۆلیدارێتی ،خاڵی دەکاتەوە لەو خۆشەویستی وپێکەوە گرێدانە دەرونی ورۆحیەی تاکێك بە ئیش وفەرمانگەوهاوکار و گەڕەك و شەقام وماڵ وشار ونیشتمانەوە دەبەستێتەوە ، ئەو جۆرە خۆشەویستیەی لە ووڵاتی ئێمەدا بونی نیە.

هیچ کۆمەڵگایەك نیەو نابێت کە تاکەکانی هەمو یەکتر بناسن، بەڵام ئەوەی ئەم هێزە کۆمەڵایەتیە پێکەوە گرێدەدات هەستی ئینتیما و ئەخلاقی بەرپرسیاریە لە کۆمەڵگەدا ئەو ئەخلاقەی کە بەرپرسێك وا لێدەکات دزی نەکات، دەسەڵاتی خۆی بۆ بەهیزکردنی خۆی وبنەماڵەکەی بەکار نە هێنێت ، ئەو ئەخلاقەی کە ناهێڵێت خاوەن کۆمپانیایەك دزی لەو هاوڵاتیە سادەیە بکات کە هاوشاری خۆیەتی، ئەو ئەخلاقەی کە ناهێڵێت خاوەن رێستورانت و یانەکان خواردنی بەسەرچوو بدەنە میوانەکانیان، ئەو ئەخلاقەی کە ناهێڵیت فەرمانبەر و دکتۆر و برینپێچ و بازرگانێك بە چاوی نێچیر تەماشای هاوڵاتی بکەن، بەڵکو بە چاوی هاونیشتمانی و ئینسانێك کە لە پەیوەندیەکی ئۆرگانی و کۆمەڵایەتی و میتافیزیکیدا هەمومان پێکەوەین.

شیرازەی پێکەوە گرێدانی کۆمەڵگا ئەو هێڵە نەبینراوەیە کە هەمووەمان بە خۆشەویستی یەکترەوە کۆدەکاتەوە،

ئەو شیرازەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە شێوەیەکی ترسناك پچڕاوە، لەناو خێزانەکانەوە پچڕاوە تا دەگاتە دامەدەزگاکانی بەڕێوەچونی کۆمەڵگە ، ئێمە لەدەورانی تەنهاییدا دەژین، دەورانی خۆپەرستی و بەرژەوەندپەرستی ترسناك تا ڕادەی بەکارهێنانی توندوتیژی لە هەمو ئاستێکدا لە کوشتاری ناو خێزانەوە هەتا کوشتاری ناو خوێندنگەو گەڕەك، لەگەندەڵی ناو فەرمانگەکانی بەرزترین دەسەڵاتەوە هەتا گەندەڵی لە یانەو ڕێستوڕانت و نەخۆشخانە و شتومەکی بازرگانە گەورەو بچوکەکانەوە.

لە داگیرکردنی زەوی و زارەوە هەتا داگیرکردنی ناموس و ئابڕوی یەکترەوە، ئێستا کراوینەتەوە بە ڕوی جیهاندا دەتوانیت هەمو شتێکت لەو کوردستانە بەرینەدا دەستکەوێت، ئەوەی دەستناکەوێت خۆشەویستییە!!

22/9/2012

**سەرچاوە: هەواڵ**